# دەروونزانی گشتی

قۆناغی یەکەم
2020-2021

# مێژووی سەرهەڵدانی دەروونزانی وپێشکەوتنی

- دەرونزانی لە سەرەتای سەرهەڵدانی وەك زانستەكانی تر بەشێك بوو لە فەلسەفە بە زانستی ڕووح دەژمێردرا لە لایەن یۆنانییەكان بە ناوبانگترین فەیلەسوفەكانی یۆنان( سوکڕات ، افلاتون ، ئەڕستۆ، دیكارت ) بوون.

- ✓ سوکڕات:

یەكێك لە فیلەسوفی یونانییەکان... خاوەنی بە ناوباگترین وتەی

(خۆت بناسە)

✓ئەفلاتون:

دوو جیهان هەیە

(جیهانی نەمونەیی ،جیهانی هەستپیکراوەکان)

✓ئەرستۆ:

دەرون وجەستە جیاوازنین لە یەکتر

✓وليم ڤۆنت:

- دامزرێنەری دەرونزانی دەژمێردرێت
- یەکەم تاقیکردنەوە دەرونزانی دامەزراند
- تاقیکردنەوەکانی لە سەر هەستەوەرەکانی بوو وپێوانی کاتی گەرانەوە (زمن الرجع)
- کە واتە پێویست بە وڵام دانەوەی کەسەکەی بۆ وروورژێنەرەی دەرەکی

✓دیكارت:

پێی وایە جیاوازی لە نێوان عەقل وجەستە

وجیاوازی لە نێوان

فتاری مرۆڤ و

هەست كردن و هەلچونەكانی

ڕەفتاری ئاژل

كاری ئامێرە

# پێشەکی

ئەم بابەتانە کە دەرونزانی پەروەردەی گرنگی پی دەدات :

1. ڕەفتارەکانی مرۆڤ وجۆرەکانی
2. هەڵچونەکان و هەست وسۆزی مرۆڤ.
3. پرۆسەی عەقڵیەکان وەك ( دەرككردن وبەئاكایی وبیركردنەوە.
4. جیاوازی تاکەکەسی .
5. پەیوەندی تاك لەگەل دەوروبەری وكاریگەییەكانی نێوانیان.
6. گەسەی دەروونی لە قۆناغە جیاجیاكان .
7. تەندروستی دەروونی وكیشە دەروونیەكان .
8. لایەنە پراكتیكیەكانی لە بواری پەروەردە ،بەرێوەبردن وجەنگ و هونەرو تاوان وپزیشكی.
9. بواری داهێنان وپەرەپێدانی توانەكان.

# پێناسەی دەرونزانی

PSYCHOLOGY

Logy
لێگۆلێنەوە

Psych
دەروون

زانستی دەروون

# پێناسەی دەروونزانی

- ئەو زانستەیە کە لە ڕەفتاری مرۆڤ دەکۆڵێتەوە

(لایەنەکی دەروونزانی دەگرێتەوە ــ رەفتارەکانی مرۆڤ)

ئەو زانستەیە لە ڕەفتاری تاکەکان دەکۆڵێتەوە، کە لە ئەنجامی وروژێنەرەکان دەردەکەوێت و بەدوای پرۆسە مەعریفیەکان و ئەزموونەکانیدا دەگەڕێت

# ئامانجەکانی دەروونزانی

لە دەروونزانی چوار ئامانجی سەرەکیمان هەیە، کە هاوبەشە لەگەڵ زانستەکانیتر، کە بریتین لە:-

1-**تێگەیشتن و شیکردنەوەی ڕەفتار**: تێگەیشتن لە ڕەفتار یاخود دیاردەکە بە شێوەیەکی ورد؛ ئەویش لەڕێگەی وروژاندنی پرسیاری چۆن؟.

2- **دەستنیشانکردنی هۆکارەکان**: لە هۆکارەکانی دروستبوون و سەرهەڵدانی دیاردە ڕەفتارییەکان دەکۆڵێتەوە؛ ئەمەش لەڕێگەی وروژاندنی پرسیاری بۆچی؟ بەواتای وردبوونەوە و قووڵبوونەوە لە ڕەفتار و درککردن بە هێز و بزوێنەرەکانی پشتیان.

# ئامانجەکانی دەروونزانی

**3-پێشبینیکردن**: پێشبینیکردنی دەرئەنجامەکانی ڕەفتار، بەوەی چی ڕوودەدات؛ ئەمەش لەسەر بنەمای تێگەیشتن و دەستنیشانکردنی هۆکارەکان دەبێت.

**4-کۆنترۆڵکردنی ڕەفتارەکە**: بەرزەفتکرن و زاڵبوون بەسەر ئەو ڕەفتارەی کە ئێمە کاری لەسەر دەکەین، تا بەشێوەیەکی ڕاست و درووست ئاراستەی بکەین.

# بوارەکانی دەروونزانی پەروەردەی

**لقە تیۆرییەکان**

1.دەروونزانی گەشە
2.دەروونزانی کۆمەڵایەتی
3.دەروونزانی ناسروشتیەکان
4. دەروونزانی زمان
5 دەروونزانی ئاژل
6.دەروونزانی جیاوازی تاکەکەسی
7. دەروونزانی بەراوەردکاری
8. دەروونزانی فەلسەفی
9. دەروونزانی گشتی

**لقە پراکتیکییەکان**

1.دەروونزانی پەروەردەیی
2.دەروونزانی فسیۆلوژی
3.دەروونزانهی پیشەسازی
4. دەروونزانی چارەسەری
5. دەروونزانی رێنمایی
6. دەروونزانی تاوان ودادپەروەری
7. دەروونزانی جەنگ
8. دەروونزانی بەرێوەبردن
9. دەروونزانی بازرگانی